# کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن

## ڕاگەیاندن چیە؟

ڕاگەیاندن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروست بە ئامانجی هۆشیار کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەیان لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان.. ڕاگەیاندن بەگشتی دوو ڕۆڵ و ئامانجی سەرەکی هەیە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك، یەکەم ڕۆڵ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تاك ئامانج لێی بنیاتنانی تاك و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروستە، دووهەمین ڕۆڵ هەڵخەڵەتاندنی تاك و چەواشەکاری ڕای گشتی وە ئامانجی لێی لەنێوچوونی تاك و دارمانی کۆمەڵگەیە کە سەرەنجام دەبێتە کۆمەڵگایەکی ناتەندروست،

زیاتر لە ٤٠٠ ساڵە ئەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە لە کاری ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی یاساوە هەوڵ دەدەن ئەرک و بەرپرسیارێتی ئامرازەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگاکانیان ڕێکبخەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ، ئەکادیمی و پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی و راگەیاندن، هەمیشە بەدوای دانانی تیۆری و پرەنسیپی نوێدا گەڕاون تاوەکو ئامرازەکانی راگەیاندن لەپاڵ ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و بڵاوکردنەوەی بیروڕا جیاجیاکان، نەبنە هۆی تێدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانیان.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەم، دوای ئەوەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بەهۆی تیۆرییەکانی لیبرالیزمی ئابورییەوە پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخویانەوە بینی، لەبواری رۆژنامەوانیشدا "تیۆری ئازادی بێ کۆت و مەرجی رۆژنامەوانی" سەری هەڵدا و تاوەکو بیستەکانی سەدەی رابردوو برەوی هەبوو. بەڵام بە هۆی پێڕاکێشانی لە رادەبەری ئامرازەکانی راگەیاندن و بەزاندنی هەموو سنورە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە، کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بەرەو هەڵوەشانەوە و لەدەستدانی داب و نەریت و بەهاکا کۆمەڵایەتییەکانی دەچوون، ئەمەش پسپۆرانی کۆمەڵناسی و میدیاکارانی ناچار کرد بیر لە چارەسەرێک بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوەی ماوە لەدەست نەچێ.

## کاریگەریی ڕاگەیاندن

ساڵی ١٩٤٧، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بە پشتیوانی دارایی (دائیرەتولەعاریفی بەریتانیا) و گۆڤاری (تایم) لیژنەیەک لە کەسانی ئەکادیمی و پسپۆر بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر روبرت هوچر، و ئەندامێتی تیودور پترسون و ولیم ریفرز، پێکهات بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لە سەر کاریگەریی کەناڵەکانی راگەیاندن لە سەر کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان. پاش ماوەیەک لیژنەکە راپۆرتێکی لە ژێر ناوی (رۆژنامەوانی ئازادو بەرپرسیار) ئامادە کرد. هاوکات لەگەڵ ئەو راپۆرتەدا ولیم هوکینگ کە ئەندامی هەمان لیژنە بوو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە ناوی (ئازادی رۆژنامەوانی: چوارچێوە و بەرپرسیارێتی) ئامادەکرد بەم جۆرە پرەنسیپەکانی (تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی کەناڵەکانی راگەیاندن) راگەیەندراو وەک ئەڵتەرناتیڤێک بەرامبەر (تیۆری لیبرالیزم) خرایەڕوو. فەلسەفەی (تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی کەناڵەکانی راگەیاندن) هاوکات لەگەڵ ئازادی کاری راگەیاندن جەخت لەسەر رۆڵی کەناڵەکانی راگەیاندن بەرامبەر کۆمەڵگاکانیان دەکاتەوە و شەش پرەنسیپی سەرەکی خستەڕوو:
یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی نابێ حکومەت کۆنترۆڵی کەناڵەکانی راگەیاندن بکات، بەتایبەتی ئەو کەنالانەی کە خاوەنەکانیان کەس و دامەزراوەی ئەهلی و تایبەتن و نابێ سانسۆر بخرێتە سەریان و تەنها ویژدانی پیشەی رۆژنامەوانی و سیاسی خۆیان ئاراستەیان دەکەن.

دووەم: خەڵک ئازادن لەوەی چی کەناڵێکی راگەیاندن بەکاردەهێنن و لەبەرامبەردا دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن کۆمەڵگاکانیان لە نوێترین و راسترین و زۆرترین و وردترین رووداوەکان ئاگادار بکەنەوە، واتە دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن درۆهەڵنەبەستن و جیاوازی بکەن لەنێوان گەیاندنی حەقیقەت و دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکان.

سێیەم: دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن ببنە سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و رەخنە و پێشنیازەکان و رێگە بدەن بۆ بڵاوبوونەوەی را

جیاوازەکان و هەموو بۆچوونە گرنگەکان، چی ئەوانەی لەگەڵیدان و چی ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵیاندا بخەنەڕوو.

چوارەم: دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وێنەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بابەتیانە پیشان بدەن و هەموو پێکهاتە و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا خۆیانی تێدا ببینەوە.

پێنجەم: دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیار بن لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگا، و ڕێز لە نەریت و تایبەتمەندییە ترادیسۆنەکانی کۆمەڵگاکانیان بگرن.

شەشەم: دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پابەند بن بە پێدانی زانیاری  بە خەڵک بەشێوەیەکی ڕۆژانە و خەڵک ئازاد بن بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییەکان.

ساڵێک دوای ئەوە، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو. لە مادەی نۆزدەی ئەو جاڕنامەیە هاتووە: "هەموو کەسێک مافی ڕادەربڕین و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بیروڕای خۆی هەیە بە هەر کەناڵێک کە دەیەوێت، بەبێ پابەند بوون بە سنورە".

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو جاڕنامەیە، زۆربەی وڵاتەکان لە کاتی داڕشتنی یاساکانی تایبەت بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بنەماکانی ئەو مادەیە و تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان بەهەند وەرگرت. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کاتی نووسینەوەی (پەیمانەکانی شەرفی پیشەی ڕۆژنامەوانی) تایبەت بە خۆیان وەک پێوەرێکی سەرەکی بنەماکانی ئەو تیۆرییەیان لەبەرچاو گرت.

سیاسی و ئایدۆلۆژیای حزبەکانیان دەرنەچوون. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەک هەر بە ئەرکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خۆیان هەڵنەسان، بەڵکو

بوون مایەی سەرهەڵدانی گرژی سیاسی و سەربازیی، بگرە لە هەندێ قۆناغدا بوون بە بووقی جەنگ و کۆمەڵگایان بەسەر رەش و سپیدا دابەش کرد.

لە دۆخێکی وادا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کەناڵەکانی راگەیاندنی تەقلیدی بەرامبەر بەو کۆمەڵگایانەی تێدا دەژین، زیاتر دەبێ و ئەرکەکانیان تەنها لە چوارچێوەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری قەتیس نامێنێ و پێویسیت دەکات بۆ پتەوکردنی بەها کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤەکان و پاراستنیان هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ. جگە لەوە دەبێ ببنە سەکۆیەک بۆ ئەوەی هەموو چین و تویژەکانی کۆمەڵگا لە رێگەیانەوە خواست و بۆچوونەکانی خۆیان بەبێ هیچ سانسۆر و شێواندنێک بخەنەڕوو.

یەکەم: یاسای راگەیاندن:
بریتیە لە کۆمەڵێک رێسا کە لە رێگەیەوە پیشەی و چالاکییەکانی کاری میدیایی و ئەو دەستە و دامەزراوانە رێکدەخات لە هەموو قۆناغەکانی وەرگرتنی مۆڵەت و دەستبەکاربوون وکارکردنیاندا. دەبێ ئامانج لە دەرچواندنی یاسای راگەیاندن بریتی بێت لە:
١. پەرەپێدانی پاراستنی مافی ئازادی رادەربڕین و بەرگری کردن لە مافەکانی رۆژنامەنووسان و دابین کردنی هەلومەرج و ژینگەیەکی لەبار بۆ کاروچالاکییەکانیان.
٢. پەرەپێدان و فراوانکردنی ماس میدیای ئازاد و سەربەخۆ و گشتگیر.
٣. رەخساندنی هەلومەرج و کەناڵی گونجاو بۆ ئەوەی هاولاتیانی هەرێم بتوانن لە رێگەیەوە بیروڕاو هەستوسۆزی خۆیان لە رێگەی نوسین، وێنە، فۆتۆگراف، هەر کەرەستەیەکی ئەدەبی و هونەری و چاپ و بلاوکردنەوە دەربخەن.
٤. رەچاوکردنی مادەی نۆزدەی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ دایناوە بۆ ئازادی رادەربڕین.

٥. هاوكاری كردنی كەناڵەكانی راگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانن كاریگەریان هەبێ لەسەر بڵاوكردنەوەی كولتووری پێشكەوتووخوازانەو دروستكردنی رای گشتی پۆزەتیڤ كە لەبەرژەوەندی كۆمەڵگادا بێت.

دووەم: ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن:
دەبێ ئەم ئەنجومەنە سەربەخۆ بێت و ئەركەكەی بریتی بێ لە رێكخستن و پێشخستنی كاری راگەیاندن لە هەرێمی كوردستان بە پێی پێوەرە مۆدێرنە نێودەوڵەتییەكان.

دەبێ ئامانجی دەستەكە بریتی بێت لە پشتیوانی كردن لە هەموو دەستپێشخەریەكی میدیایی و رەخساندنی ژینگەیەكی لەبارە بۆ كاركردنی راگەیاندن و كۆمەنیكەیشن لە هەرێم، هەروەها گەرەنتی و پاراستنی ئازادی رۆژنامەنوسی و راگەیاندن لە چوارچێوەی ركابەری ئازاد و بەتایبەتی. ئەركەكانی دەستە دەبێ بریتی بن لە:
١. مۆڵەتی كاركردن دەدات بە پرۆژەكانی راگەیاندن لە هەرێمی كوردستان دادەمەزرێن.
٢. مۆڵەتی كاركردن دەدات بە رۆژنامەنووس و پەیامنێر و كەناڵەكانی راگەیاندنی جیهانی (نوسراو، بینراو و بیستراو) كە دەیانەوێت لە هەرێمی كوردستاندا كار بكەن. ناسنامەی تایبەتی كاركردنیان لە سەر خاكی هەرێمی كوردستان بۆ دەردەكات بۆ ماوەیەكی دیاریكراو و كە قابیلی نویكردنەوە بێت، هەروەها كار ئاسانیان بۆ دەكات لە رێگەی دەستراگەیشتنیان بە هەواڵی دامودەزگاكانی حكومەت و بانگهێشكردنیان بۆ رومالكردنی كۆنگرە رۆژنامەوانییەكان و پەیوەندی دروستكردنی بەردەوام لەگەڵیاندا.
٣. پێدانی مۆڵەتی كاری وێنەگرتنی تەلەفزیۆن و فۆتۆگراف بۆ ئەو تیمە راگەیاندنكارانەی كە لە دەرەوە دێن بە مەبەستی ئامادەكردنی مادەیەكی میدیایی لەسەر هەرێمی كوردستان.

٤. چاودێری کردنی مادە ئیعلامییەکانی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان و دروست کردنی هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت و هەموو ئەوانەی لەبواری راگەیاندندا کار دەکەن.

سێیەم: یاسای میدیای ئەلکترۆنی:
دانانی یاسایەک بۆ بواری میدیای ئەلکترۆنی بەشێوەیەکی گشتی دەبێ لە چوارچێوەی رێکخستندا بێت نەک سزا، بە تایبەتی بۆ ئەو پێگەو ماڵپەڕانەی کە لە سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەکرێنەوە.
هەلومەرجی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی کردن وای کردوە وڵاتان یاسای تایبەتیان هەبێ بۆ میدیای ئەلکترۆنی و بەتەواوەتی جیا بێت لەو یاسایانەی کە بۆ میدیای تەقلیدی (کاغەز و بینراو و بسیتراوی) دادەنرێت. جگە لەو تاوانانەی کە تابعێکی جینایی تەواویان هەیە و یان ئەو هەواڵ و زانیاریی و وتارانەی کاریگەرییان لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە.

لە نەبوونی دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆ و رێکخراوی پیشەیی راستەقینە، کە بتوانێ رێز لە ئازادی رادەبڕین و مافی هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی هەواڵی وزانیاری مەوزوعی، ئەو کەناڵانەی کە سەربەحزبەکانن هەمیشە وەک کەرەستەیەک بۆ پشێوی کۆمەڵایەتی و شێواندنی راستیەکان و دنەدان بە ململانیی و چەسپاندنی کولتووری رق و کینە دەمێننەوە، و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان لەم هەرێمەدا دەخەنە مەترسیەوە.

تاکەچارەسەر بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە، پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە یاسایانەیە لە بواری کاری میدیایی، بەڵام یاساکان دەبێ بۆ رێکخستن بن، نەک بە گیانی سزا و تۆڵەسەندنەوە داڕێژرابن.
**ئەرکەکانی راگەیاندن**
ا – بەدەستهێنانی تێڕوانینی گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵگە، ئەمە دەبێتە دەرچەی ستراتیژی راگەیاندنی گشتی، پێویستە راگەیاندنی

تایبەتمەندیش هەیبێت و بیکاتە بنەمایەك بۆ سیاسەت و بەرنامە و پلانی ڕاگەیاندنی خۆی و لەو بوارانە جێبەجێی بکات.

ب – بە قوڵی درککردن بە تایبەتمەندییەکانی هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانی گشتی و وشیاری قوڵ لە بارەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هەریەك لەو بوارانە و ڕێزگرتنی ئەو ئیعتبارانەی کە جڵەوی سروشتی ژیانی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە.

ج – پێکگەیشتنی بە ڕێگەیەکی داهێنەرانە، بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی تایبەتمەندی بوارەکە بگونجێت، کە کاری لەسەر دەکات.

لێرەدا پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سێ ئەرکە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند خۆی لە گرفت و کێشەکان بپارێزێت و نەچێتە باری داڕووخان و پەراوێز بوونەوە.

**ئەمەش لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت:**

1 – پێشکەشکردنی چارەسەری تەندروست بۆ کێشەکانی هەڵقوڵاو لە نێوان گشتی و لاوەکیی و تایبەتمەند و گشتی.

2 – نەمانەوە لە بازنەی گشتی و هەمووەکی و خوو نەگرتن بە دروشم و بێتوانایی لە گەیشتن بە واقیعی بەرهەست و مامەڵە لەگەڵ کردنیی، ئەگەر ئەوە ڕوویدا، ئەوا ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەبێتە ڕاگەیاندنی گشتی و موتڵەق و دروشمەکان باڵی بەسەردا دەکێشن.

3 – ڕوونەچوون و زیا

دە وردنەکردنەوەی شتەکان لەسەر حسابی تێڕوانیینی گشتی بۆ مەسەلەکان خۆیان و شێواندنی وێنەی گشتی بابەتەکان، بە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند وێنا گشتییەکە فەرامۆش بکات و لە بازنەی وردەکارییەکاندا بخولێتەوە، چونکە ئەمە وێڕای کات کوشتن دەبێتە هۆی بە هەدەر دانی توانا و دارایی، پەیامی ڕاگەیاندنەکەش دەشێوێنێن، ڕەنگە کێشەی دیکەش بخولقێنێت.

4 – دوورکەوتنەوە لە شێوازی چەقبەستووی ڕاگەیاندنی بوارەکانی دیکە، سەپاندنی تایبەتمەندی شێوازی گونجاو بۆ ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەین. هەڵبژاردنی شێوازی پێشکەوتوو، کە بتوانێت وەڵامی گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارانە بداتەوە.

**ئەرکەکانی راگەیاندن**

ا – بەدەستهێنانی تێڕوانینی گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵگە، ئەمە دەبێتە دەرچەی ستراتیژی راگەیاندنی گشتی، پێویستە راگەیاندنی تایبەتمەندیش هەیبێت و بیکاتە بنەمایەك بۆ سیاسەت و بەرنامە و پلانی راگەیاندنی خۆی و لەو بوارانە جێبەجێی بکات.

ب – بە قوڵی درککردن بە تایبەتمەندییەکانی هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانی گشتی و وشیاری قوڵ لە بارەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هەریەك لەو بووارانە و رێزگرتنی ئەو ئیعتبارانەی کە جڵەوی سروشتی ژیانی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە.

ج – پێکگەیشتنی بە رێگەیەکی داهێنەرانە، بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی تایبەتمەندی بوارەکە بگونجێت، کە کاری لەسەر دەکات.

لێرەدا پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سێ ئەرکە راگەیاندنی تایبەتمەند خۆی لە گرفت و کێشەکان بپارێزێت و نەچێتە باری داڕووخان و پەراوێز بوونەوە.

**ئەمەش لەم رێگایانەی خوارەوە دەکرێت:**

1 – پێشکەشکردنی چارەسەری تەندروست بۆ کێشەکانی هەڵقولاو لە نێوان گشتی و لاوەکیی و تایبەتمەند و گشتی.

2 – نەمانەوە لە بازنەی گشتی و هەمووەکی و خوو نەگرتن بە دروشم و بێتوانایی لە گەیشتن بە واقیعی بەرهەست و مامەڵە لەگەڵ کردنیی، ئەگەر ئەوە روویدا، ئەوا راگەیاندنی تایبەتمەند دەبێتە راگەیاندنی گشتی و موتڵەق و دروشمەکان باڵی بەسەردا دەکێشن.

3 – روونەچوون و زیادە وردنەکردنەوەی شتەکان لەسەر حسابی تێڕوانییینی گشتی بۆ مەسەلەکان خۆیان و شێواندنی وێنەی گشتی بابەتەکان، بە هۆی ئەوەی راگەیاندنی تایبەتمەند وێنا گشتییەکە فەرامۆش بکات و لە بازنەی وردەکارییەکاندا بخولێتەوە، چونکە ئەمە وێڕای کات کوشتن دەبێتە هۆی بە هەدەر دانی توانا و دارایی، پەیامی راگەیاندنەکەش دەشێوێنێن، رەنگە کێشەی دیکەش بخوڵقێنێت.

4 – دوورکەوتنەوە لە شێوازی چەقبەستووی راگەیاندنی بوارەکانی دیکە، سەپاندنی تایبەتمەندی شێوازی گونجاو بۆ ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەین. هەڵبژاردنی شێوازی پێشکەوتوو، کە بتوانێت وەڵامی گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارانە بداتەوە.

ڕای گشتی

چەند دەیەیەکە کۆمەڵناسان و دەروونزانانی کۆمەڵایەتی زیاتر لە رابردوو بایەخ بە رای گشتی دەدەن و بە بەدەستهێنانی رای گشتی و لێکۆڵینەوەی لە رەهەندی جیاوازەوە، بەرنامە دادەنێن یان سەبارەت بەو رووداوانەی کە لە ئایندەدا روودەدەن هۆشیارییان دەستدەکەوێت. ئەمڕۆ ئەوە دەرکەوتووە کە رای گشتی، زۆر رەفتار و بۆنە فۆرمەڵە دەکات و لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی رای گشتی کە رەگوڕیشەی لە دین، مەزهەب، ترادسیۆن، رێوڕەسم، ماف و شتە ئەخلاقییەکاندا هەیە، مەسەلەیەکی زۆر پێویستە.

.

**ێناسەکانی رای گشتی:**

ئێستا دوای ناسینی فاکتەرە سەرەکییەکانی دروستکەری رای گشتی پێویستە بزانین رای گشتی چییە. هەتا ئێستا زۆر پێناسەی رای گشتی کراوە کە هیچ کامیان بە راستی پڕ بە پێستی زاراوەکە نین.

«ولیەم ئالبێچ» رای گشتی بە دەربڕینی بیروڕا لەسەر مەسەلەیەك دەزانێت کە ناکۆکی لەسەرە. بەو مانایەی هەر کاتێك گروپێکی دیاریکراو سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەچنە ناو بیروڕا ئاڵوگۆڕکردنێکی زۆر ئاڵۆزەوە، لە بەرهەمی ئەو بیروڕا ئاڵوگۆڕکردنە دیاردەیەك فۆرمەڵە دەبێت پێی دەگوترێت رای گشتی. بەڕای «لیۆنارد دوب» رای گشتی، روانینی تاکەکانی گروپێکە کە لەسەر تەوەرێك یان مەسەلەیەکی مەرکەزی دەخولێتەوە. بەم پێیە پێداویستی رای گشتی، بوونی گروپ و پەیوەندی گروپی و ئیشی بەرامبەری گروپییە. رای گشتی دەرەوە ئەو شتەیە کە دەردەبڕدرێت، لە کاتێکدا رای گشتی ناوەوە زۆرجار دەرنابڕرێت، یان پەیوەندی بە گروپێکی زۆر تایبەتەوە هەیە. لە راستیدا رای گشتی ناوەوە لایەنی گشتیی رووتی نییە، تەنیا لە قەڵەمڕەوی گروپی ناوبراودا قابیلی بەیانکردنە. لە هەمانکاتدا

دەشێت رای گشتی بە «ئاشکرا» یان بە»نهێنی» بێت. زەمانێ کە زۆرینەی کۆمەڵگایەك حەز و ئارەزوو بۆ بیروڕایەك پەیدا پەیدا بکەن، بە شێوەیەك کە ئەو بیروڕایە بەسەر رەوتە فکرییەکانی تردا زاڵ دەبێت، رای گشتی لایەنی ئاشکرا بەسەریدا زاڵ دەبێت. رای گشتی شاراوە، زەمانێکە کە بیروڕاکە لە حاڵەتی شاراوە و ناچالاکدا بێت.

رای گشتی دیاردەیەکی جووڵاو و گۆڕاوە و زۆرجار بیروڕای کەمایەتییەك لە حاڵەتی گۆڕانی هەلومەرجدا بەسەر بیروڕای باو و زاڵی کۆمەڵگادا زاڵ دەبێت. جووڵان و گۆڕانی رای گشتی لە کێشمەکێشی نێوان دوو تەوەری پێکهێنەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەلایەکەوە «روانین» و لەلاکەی تریشەوە دەوروبەری واقیعی گۆڕاوی دەرەوە، لە رەوتی پێکادانی بەردەوامیاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فیکری. رای گشتی لەبەردەم ئەو رەوتە هەمیشەییەدا فۆرمەڵە دەبێت و دەگۆڕێت.

**رای گشتی کاتی و بەردەوام:**

بەپێی ئەم گۆڕانکارییە، دەتوانین رای گشتی بۆ دەستەی «کاتی» و دەستەی «بەردەوام» دابەش بکەین. دەستەی یەکەم لە ئەنجامی رووداوێکی چاوەڕواننەکراودا سەرهەڵدەدات و دوای نەمانی ئەو رووداوە دیارنامێنێت. دەستەی دووەم کە بە بەردەوام ناودەبرێت، لەو دەستە رای گشتییەیە کە بە درێژایی زەمانێکی دوور و درێژ لای گروپ یان گشت قبووڵکراوە. دەتوانین لەو دەستەیەی رای گشتیدا کە پەیوەندی بە بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە گەلێ نموونەی زەقی ملکەچنەکردن و بەرگریی بەدیبکەین.

ئەو لێکۆڵینەوانەی لە چوار دەیەی رابردوودا سەبارەت بە رای گشتی کراون، ئەوە نیشان دەدەن کە رای گشتی لەگەڵ بیروبۆچوونەکاندا قاڵبێکی جێگیری هەیە. «والتەر لیپمان» لەناو لێکۆڵینەوە

بەهادارەکانی خۆیدا بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بیروبۆچوونە قاڵبییەکان و پەیوەندیان لەگەڵ رای گشتیدا کردووە. لە لێکۆڵینەوەکانی ئەوەوە وەها دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونی قاڵبی هەیە کە بنەمای رای گشتی سەبارەت بەو مەسەلەیە پێکدەهێنێت.
لێکۆڵینەوە لە رای گشتی بەبێ ناسینی کاریکردە نییە. دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە رای گشتی بە هیچ جۆرێك بەرهەمی کۆکردنەوەی رای تاکە کەس نییە، بەڵکو دیاردەیەکی نوێیە لەکاری بەرامبەر و پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزی هەموو بیروبۆچوونە تاکەکەسییەکان بەرهەم دێت.

## میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی رای گشتی:

ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی بیرورا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهاندا سەریهەڵداوە، بەڵام رەگوریشەکەی بۆ سەدەی هەژدە دەگەرێتەوە، کە لە ئەوروپا کەم کەم مەسەلەی ناسینی کۆمەڵگا و سەرژمێری هاتەئاراوە. وەکو پێشان ئاماژەی بۆ کرا، هەڵسەنگاندنی بیرورا لە خۆرئاوا سەریهەڵدا و بنەما و تەکنیکەکانی ئەم بوارەش لەوێ گەشەی کرد.
لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بە بەکارهێنانی رەسمی میتۆدی نموونەوەرگرتن کە دۆزەرەوەکەی «کێ»ی کۆمەڵناسی فەنلەندی بوو، لێکۆڵینەوەکان فۆرمێکی زانستی تری وەرگرت و هەنگاوی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی رای گشتی هەڵگیرا. دەتوانین ساڵی 1936 بە ساڵی لە دایکبوونی رەسمی هەڵسەنگاندنی بیرورا لە قەڵەم بدەین. لەو زەمانەدا کە «روزڤڵت» وەکو کاندیدی سەرۆکی ئەمریکا ناسێنرا بوو. بڵاوکراوەی «ریدرز دایجست» بیرورای «24» هەزار دەنگدەری ئەمریکایی لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنەوە کۆکردەوە. ئەو ئەنجامەی بەدەستهات، دەربڕی ئەوە بوو کە رۆزفلت لە هەڵبژاردندا سەرکەتوو نابێت. هاوکات لەگەڵ ئەم راوەرگرتنەدا،

«گالوپ» بە یارمەتی میتۆدی نموونەوەرگرتن لەگەڵ پێنج هەزار کەسدا چاوپێکەوتنی کرد و پاشان رایگەیاند رۆزفلت سەرکەوتوو دەبێت. بەم پێیە دوای هەڵبژاردن کە بووە هۆی سەرکەوتنی رۆزفلت. بۆ یەکەمجار راستی و دروستی ئەو میتۆدە سەلمێنرا. لە هەمانکاتدا، ئەو رووداوە نیشاندەری ئەوە بوو کە میتۆدە کلاسیکییەکانی هەڵسەنگاندنی رای گشتی، سەرەڕای فراوانییەکەی، هەڵەی زۆری تێدایە. هەڵبەتە میتۆدە تازەکانیش کەموکووڕییان هەبوو. رووداوی ناخۆشی ساڵی 1948 ئەم بۆچوونەی سەلماند. لەم ساڵەدا هەموو راوەرگرتنەکان ئاماژە بوون بۆ شکستی «هاری ترومان» لە هەڵبژاردندا. لە کاتێکدا کە رێك بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکانەوە، ترومان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بوو. بۆ یەکەمجار بە درێژایی مێژوو، کاربەدەستانی رای گشتی شکستیان هێنا و بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ کاتێك نابێت بە خێرایی، بێچەند و چوون فریوی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە بخۆن. بەڵکو دەبوو، بە هەوڵی بێوچان و بێ ماندووبوون میتۆدەکان کامڵ بکرێن و چاك بکرێن. لەو زەمانەوە هەتا ئێستا، لە ژێر کاریگەریی لەو شێوەیەدا، ناوەندەکانی رای گشتی جیهان هەوڵیان داوە بە یارمەتی میتۆدی باشتر و پێشکەوتووتر لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە واقیع نزیك بکەنەوە.

پڕوپاگەندە:

زاراوەی پڕوپاگەندە Propaganda لە ناوی یەکێک لە بەشەکانی کەنیسەیەکی کاسۆلۆکی وەرگیراوە، کە پاپا گریگۆری پێنجەم ساڵی 1622 دایمەزراند، ئەویش ئەمەیە Congregatio de Propaganda Fide ئەرکی سەرەکیی ئەو بەشە بلاَوکردنەوەی بیروباوەڕی مەسیحی بوو لەناو خەڵکانی نامەسیحییدا.

بەلاَم ئێستا ئەو زاراوەیە لە زمانەکانی دنیادا هەڵگری هیچ سیمایەکی ئایینی نییە. ڕاستییەکەی ئەو زاراوەیە زیاتر پەیوەستە بە لایەنی

سیاسییەوە. جێگای سەرنجە، کە وشەی پڕوپاگەندە Propaganda لای خوێندەوەار و ڕۆشنبیرەکان خزاوەتە ناو زمانی ڕۆژانەوە، بەڵام هەتا ئێستاش ئەوان وەکو هاوواتای ڕاگەیاندن بەکاری دەهێنن. دیارە ئەمەش پاساوی خۆیە، بەوەی ئەو ئامرازانەی لە پڕوپاگەندە و لە ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێن، هاوبەشن.

پێناسەی پڕوپاگەندە:

چەمکی پڕوپاگەندە لەو چەمکانەیە، کە هەتا ئێستا لێکۆڵەرەوەکان لەسەری کۆک نیین. پێناسەکان جۆراوجۆر و جیاوازن. (لیزلی جۆن مارتن Leslie J. Martin) سەرنجی داوە، کە "زاراوەی پڕوپاگەندە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک پێناسەوە. وا دەردەکەوێت ئەو پێناسانە لەسەر تاکە شتێک کۆک بن، ئەویش ئەوەیە، کە دەیەوێت کار لە بیرکردنەوەی خەڵک بکات. لێرەدا ڕێککەوتنێکی گشتی هەیە، بەوەی پڕوپاگەندە ئامانجی ئەقڵی خەڵکە، کەواتە لە هەوڵی ئاڕاستەکردن و بەجۆشدانی بیرکردنەوەیان دایە.
(لیۆنارد دووب Leonard Doob) وا پێناسەی دەکات، کە هەوڵدانە بۆ کارکردنە سەر کەسەکان و دەستگرتن بەسەر سلوکی تاکەکان لە کۆمەڵگایەک و لە کاتێکی دیاریکراودا، لەپێناوی هەندێک ئامانج، کە زانستی نیین، یاخود گومان لە بەهاکانیاندا هەیە.
دوای ئەوەی (براون J. Brown) کۆمەڵێک پێناسەی بۆ پڕوپاگەندە خستە ڕوو، ئەمەیانی پێشکەش کرد:
(هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی ئەوانی دیکە، تا قەناعەت بە بۆچوونێکی دیاریکراو بهێنن، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێنماییەکی زاتییان بدەنێ، یان زهینەیەکی لۆژیکییان لەپێناو قەبووڵکردنی ئەو قەناعەتەوە بۆ خۆش بکەن، بەوەی ئاخۆ ئەو شتە بوونی هەیە، یان نا).
(لاسوێل Lasswell) وای دەبینێت، کە "پڕوپاگەندە دەربڕینێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە لە بۆچوونەکان و کردارەکاندا، کە لە تاکەکان و گرووپەکان دەردەچێت، ئامانجیشی ئەوەیە کار بکاتە سەر بۆچوون و کرداری

تاکەکان و گرووپەکانی دیکەوە. ئەمەش لەپێناوی ئەو ئامانجانەی پێشتر دەستنیشانکراون و لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی دەروونییەوە".
(ئیلوول) پێی وایە پرووپاگەندە بەمانا گشتییەکەی ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

1 جەنگی سایکۆلۆژی Psychological Ware Fare : لێرەدا پروپاگەندەچی مامەڵە لەگەڵ دوژمنێکی بێگانە دەکات. هەوڵ دەدات بە ڕێگای سایکۆلۆژی و لۆژیکییەوە ورەکانی بڕووخێنێت، ئینجا دوژمن لە بیروباوەڕ و کردارەکانی خۆی دەکەوێتە گومانەوە.
2 پێداچوونەوەی فێرکردن و شتنەوەی دەماغ Re-Education & Brain Washing: کۆمەڵێک ڕێگای ئاڵۆزن بە ئاڕاستەی گۆڕینی دوژمن بۆ دۆست. تەنها لەگەڵ دیل و زیندانییەکاندا بەکار دێت.
3 پەیوەندییە گشتی و مرۆڤایەتییەکان Public & Human Relations : پێی وایە دەبێت ئەمەش بخرێتە ناو پروپاگەندەوە، چونکە هەوڵی گونجاندنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگادا دەدات لەگەڵ شێوازێکی ژیان یاخود چالاکییەک. ئەمە بۆ ئەوە بەکار دێت هەتا تاک هاوڕێکییان لەگەڵدا پەیدا بکات. ئەمەش ئامانجی پروپاگەندەیە.
(ئیلوول) دەگاتە ئەوەی، کە "پڕوپاگەندەی ڕاستەقینە هەڵخەڵەتێنەرە، بەوەی زۆر جار وا پێناسە دەکرێت، گۆڕینی ڕا و بۆچوونەکانە، کە بیروباوەڕی تاکەکان پێکدەهێنن، بەو ئامانجەی وایان لێ بکات بیروباوەڕێک یان پیرنسیپێک لە بیرکردنەوەیاندا بگرنە بەر". پڕوپاگەندە هەموو میکانیزمە سایکۆلۆژییەکان دەگرێتەوە، بەڵام عەقڵیش دەدوێنێت. هەوڵ دەدات قەناعەت بە خەڵک بهێنێت و وایان ئامادە بکات، کە بڕیار بدەن قەناعەتێکی جێگیریان لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوە لە لا بچەسپێت.
پێناسەکانی (جیهان ڕشتی) لەبارەی پڕۆپاگەندەوە لە هەموو ئەو پێناسانە گشتگیرترن، کە لە زمانی عەرەبییدا بۆ پروپاگەندە کراون. ئەو کۆمەڵێک پێناسەی خستۆتە ڕوو و لێیانەوە دواوە، هەتا گەیشتۆتە پێناسەیەکی وەها، کە پێی وایە ئەمەیان پێناسەیەکی گشتگیرە، بەوەی کە "پروپاگەندە هەوڵێکی مەبەستدار (متعمد)ی تاک یان گرووپە بە بەکارهێنانی ڕێگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پێکهێنانی ئاڕاستەکان یان

دەستگرتن بەسەر ئاڕاستەکان یاخود ڕێکخستنیان لەلایەن گرووپەکانەوە، ئەمەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە. لە هەموو بارێکیشدا دەبێت کاردانەوە لەگەڵ کەسی پروپاگەندەدا کۆک بێت".
پروپاگەندە لەنێوان ئەقڵ و سۆزدا

زاراوەی پڕوپاگەندە تێکەڵی کۆمەڵێک خەیاڵ کراوە و وای لێهاتووە ئەو زاراوەیە لە سیما زانستی و بابەتی و لۆژیکییەکەی دوور بکەوێتەوە. هەندێک بە درۆ و دەڵەسەوە پەیوەستی دەکەن و بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەکاری دەهێنن، لێرەشدا لۆژیک و زانست فەرامۆش دەکەن.

أ_ پڕوپاگەندە و ڕاستگۆیی:

یەکێک لە تێگەیشتنەکان لەبارەی پڕوپاگەندەوە ئەوەیە، کە چیرۆکی درێژن و لە درۆ پێکهاتوون. ئەو درۆیانەش بۆ چالاکییەکانی پێویستن. ئەو بیرۆکەیەش لای هەندێک باوە.
بەڵام جیاکردنەوەی ڕاستی و درۆ، ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە پێویستە. پڕوپاگەندەیەک، کە پشت بە ڕاستییەکان ببەستێت و زانیارییەکانی ڕاستگۆیانە بن، کاریگەریی زیاتر دەبێت، چونکە وەرگر (الملتقی) هەر کاتێک درۆیەکی تێدا بدۆزێتەوە، ئەوا هێز و تینی ئەو پڕوپاگەندەیە نامێنێت.
(ژاک ئیلوول) پێی وایە، کە "دەبێت پڕووپاگەندە ڕێز لە ڕاستییە ناوخۆییەکان بگرێت، ئەگینا خۆی وێران دەکات، چونکە ناتوانێت خۆی لە بەرامبەر بەڵگە ناوخۆییەکاندا بگرێت، مەگەر پڕوپاگەندەچی وەها دەستی بەسەر ئەقڵی دانیشتواندا گرتبێت، بەڕادەیەک هەرچییان پێ بڵێت، ئەوان باوەڕی پێ بکەن، ئەمەش زۆر دەگمەنە".

(داڤیسۆن)یش وهای دەبینێت، کە کۆمەڵێک خەیاڵی میللی لەبارەی چالاکییەکانی پڕوپاگەندەوە هەن، کە ئەمانەن:

1 پڕوپاگەندە ئامرازێکی سۆزدارییە و کار لە بیرورا دەکات.

2 ئامانجی چالاکیی پڕوپاگەندە جەماوەری وەرگرە.

3 دەبێت پڕوپاگەندە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو وەرگرانە ئاڕاستە بکرێت، کە بیروباوەڕی جیاواز لە هی پڕوپاگەندەچییان هەیە.

ب _ پڕوپاگەندە و زانست:

(ژاک ئیلوول) پێی وایە ئەو سەردەمە بەسەر چوو، کە پڕوپاگەندە دەرچوون و تێڕوانینی تاکەکەسی، یان بەکارهێنانی فێڵی ساویلکانە بێت، بەڵکو زانست چۆتە بواری پڕوپاگەندەوە. ئەمەش لەم ڕووکارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1 پڕوپاگەندەی نوێ وای لێ هاتووە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەکانی سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیادا بکات. وای لێ هاتووە پڕوپاگەندەچی تەکنیکەکانی لەسەر زانینەکانی لەمەڕ مرۆڤەوە بنیات بنێت، حەز و ئارەزووەکانی، پێویستییەکانی، میکانیزمە سایکۆلۆژییەکانی و بارودۆخەکەی. زۆربەی کات پشت بە سایکۆلۆژیا دەبەستێت بەتایبەتی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

2 پڕوپاگەندە وای لێ هاتووە زانستی بێت، بەوەی ئارەزووی دامەزراندنی کۆمەڵێک یاسای ورد و توندوتیژ دەکات، کە تاقیکردنەوەیان لەبارەیەوە کراون و خۆیان بەسەر پڕوپاگەندەچییدا دەسەپێنن.

3 ئەوەی ئێستا پڕوپاگەندەچی پێویستی پێی دەبێت، لێکۆڵینەوەی وردە لەبارەی بارودۆخ و تاکەکەسەوە. ئەوە بەسەر چوو، کە پڕوپاگەندەچی پشت بە بەهرەکەی ببەستێت لە دەستنیشانکردنی ڕێگا و ئامراز و بابەتدا. دەبێت هەموو ئەوانە حیسابی چاکیان بۆ بکرێت، چونکە جۆرە پڕوپاگەندەیەک بۆ کەسەکان لە بارودۆخێکدا بەسوودە، بەڵام لە بارودۆخێکی دیکە و بۆ کەسانێکی دیکە سەرکەوتوو نابێت.

4 هەوڵی زیاتر بۆ دەستگرتن بەسەر بەکارهێنانی پروپاگەندە و هەڵسانەگاندنی ئەنجامەکانی و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی. ئێستا دەکرێت بوترێت، کە پڕوپاگەندە زانستێکە و ڕێگای زانستییانە دەگرێت بەر. دەشکرێت ناوی پڕوپاگەندەی عەقلانیی لێ بنرێت.

ج _ پڕوپاگەندە و ئەقڵ:
پڕوپاگەندەیەک، کە پشت بە سەرژمێری و زانیاری و داتای ڕاستگۆیانە و حەقیقەتەکانی ئابووری یان کۆمەڵایەتی دەبەستێت، پێی دەگوترێت پروپاگەندی عەقلانی Rational Propaganda. لە پەیامەکانیدا ئامانجی خۆی وا دەخاتە ڕوو، کە سیستەمێکی ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی دەر دەخات، لەو پێناوەدا پشتگیریی خەڵک بەدەست دەهێنیت. پروپاگەندەی عەقلانی لە دواندنی دوژمن لە کاتی شەردا سەرکەوتووە. هەتا کۆمەڵگا پێش بکەوێت و زانیاریی زۆر ببێت و ئاستی خوێندواری بەرز بێت، پروپاگەندەی عەقلانییش بەرەو پێشەوە دەچێت.

.

جۆرەکانی پروپاگەندە:

پڕوپاگەندە پرۆسەیەکی گەیاندنە و ئەرکەکانی جۆراوجۆرن. لێرە پڕوپاگەندەچی هەیە و کاری گەیاندنە، لەوێ پەیام و ناوەرۆک هەیە، لەملا جەماوەر و لەولاشەوە ڕێگاکانی گەیاندن و لەولاتریشەوە کاریگەرییەکانی. بۆ ئەوەی لە پڕوپاگەندە و ڕەهەندەکانی تێبگەین، ئەوا دەبێت بۆ کۆمەڵێک لایەن دابەشی بکەین، کە ڕووەکانی پڕووپاگەندە ڕوون دەکەنەوە. دەبینین هەندێک لەو لایەنانە تێکچڕژاون، وەکو:

یەکەم: جۆرەکانی پڕوپاگەندە لەڕووی چالاکییەکانیەوە:

ئامانجی ئەمەیان ئەوەیە، کە جیاکاری لەنێوان جۆرەکانی ئامانجی پروپاگەندەدا بکات. دەشکرێت لەڕووی چالاکییەوە پڕوپاگەندە بۆ حەوت جۆر دابەش بکەین:

1 پڕوپاگەندەی سیاسی Political Propagand:
زاراوەی (پروپاگەندەی سیاسی) لای کۆمەڵناسان وا پێناسە دەکرێت، کە چالاکییەکی ڕێکخراو (منظم) و ئامانجداری تاکەکەسی، یان هی گرووپەکانە، بۆ گەیاندنی زانیارییەک یاخود ئایدۆلۆژیایەک. پڕوپاگەندەچی ئامانجێکی ڕۆشن و دیاریکراوی هەیە و دەتوانێت کار لە سیمای کۆمەڵایەتی و بیروبۆچوونەکانی دیکە بکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی، کە ئەو زانیارییانەی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بەکاریان دەهێنێت، ڕاستن یان هەڵە.
بەکورتی پڕوپاگەندەی سیاسی ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، کە حوکومەت یان حیزب یان بەڕێوەبردن یان گرووپی فشار (جماعات الضغط) دەیانگرنە بەر، بەو ئامانجەی کار لە هەڵسوکەوتی جەماوەر و هەڵوێستی سیاسیی ئەو جەماوەرە بکەن.
دەشێت پڕوپاگەندەی سیاسی ئیستراتیژی یان تەکتیکی بێت. پڕوپاگەندەی ئیستراتیژی هێڵە گشتییەکان و مشتومڕ و ڕێکخستنی (حملات)ی پروپاگەندە دەگرێتەوە.
پڕوپاگەندەی تەکتیکییش هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی کاری خۆیدا ئەنجامی خێرا بەدەست بهێنێت وەکو کاری بڵاوکردنەوە (منشورات) لە کاتی جەنگدا و بەکارهێنانی مایکرۆفۆن بەو مەبەستەی دوژمن خێرا خۆی بەدەستەوە بدات.

2 پڕوپاگەندەی کۆمەڵایەتی Sociological Propaganda:

ئەو پڕوپاگەندەیەیە، کە داوای ئینتیگراسیۆن (اندماج)ی زیاترین ژمارەی کەسەکان دەکات لەناو کۆمەڵگادا و دەیەوێت هەڵسوکەتیان لەسەر شێوازی کۆمەڵگادا یەکبخات. بانگەشە (ادعاء)ی ئەوە دەکات، کە شێوازی ئەم کۆمەڵگایە لە هی ئەوانی دیکە چاکترە. دەکرێت قسە لەسەر شێوازی کۆمەڵگای ئەمریکی بکەین، کە لەسەر ئاستی دنیادا باڵادەستە، ئەمەش لە

ڕێگای ڕاگەیاندنی ئەمریکییەوە خوڵقاوە، کە بەردەوام برەو بە شێوازی ژیانی ئەمریکی دەدات، گوایە چاکترین شێوازە لە دنیادا.

ئینتیگراسیۆن Integration دەکرێت بە کوردی بیکەینە هەمئاهەنگی. سیاسەتی دەوڵەت یان هی ڕێکخراوەکانە، کە دەیانەوێت هاووڵاتییان لە ڕووی ئەرک و مافەوە ڕێک بخەن. بەتایبەتی لەو وڵاتانەی فرە ئایین و فرە نەتەوەن.

وەرگرتن (استعاب)ی دیاردەی پڕوپاگەندەی کۆمەڵایەتی زۆر لە هی پڕوپاگەندەی سیاسی قورسترە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە بایەخی ئایدۆلۆژی لەناو (سیاق)ی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێت. ئەمە گونجاندنی پێشکەوتوو لە سیستەمی شتە دیاریکراوەکان و چەمکی دیاریکراو لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا بەدەست دەهێنێت. بەمەش تاکەکان بەبێ ئەوەی هۆشیارییان هەبێت تێکەڵی کۆمەڵگا دەکات و لەگەڵیان دەگونجێنێت.

3 پروپاگەندەی ئاینی Religious Propagand:

ئامانجی ئەو پروپاگەندەیە ئەوەیە، کە خەڵک لە بیروباوەڕە ئایینییەکانی خۆیانەوە بۆ بیروباوەڕی دیکەی ئایینی بگۆڕێن. ئەم پروپاگەندەیە هەتا ئێستاش کاری خۆی دەکات. هەر ئایینێک هەوڵ دەدات پەیامەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەوانی دیکە، بەو مەبستەی پەسەندی بکەن.

4 شەڕی سایکۆلۆژی Psychological Warfare :

ئەو پڕوپاگەندەیە لە کاتی شەڕدا چالاک دەبێت، ئامانجی ئەوەیە لەلایەک ورەی دوژمن بڕووخێنێت و لەلایەکی دیکەش پشتگیریی گەلەکەی و گەلە بیلایەنەکانیش بەدەست بهێنێت. (براون) پێی وایە ئامانجی شەڕی سایکۆلۆژی خۆی لە چەند شتێکدا دەبینێتەوە، کە هەر شەڕێک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و ئەمانەن:

أ_ بزواندنی ڕق و کینە لە دژی دوژمن و ڕوخاندنی ورەکەی.

ب_ هەول دان بۆ ئەوەی باوەڕ بە گەل بهێنرێت، کە ئەو مەسەلەیەی لەپێناویدا شەڕی لەسەر دەکەن، ڕەوایە و ورەیان بەرز بکاتەوە.
ج_ پەرەدان بە گیانی دۆستانە لەگەڵ ئەوانەی بێلایەنن و وایان لێ بکرێت یارمەتیی ئەو مەسەلە ڕەوایەیان بدەن.
د _ پەرەدان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەشدا، کە لایەنگرن.

## 5_ شتنەوەی مێشک Brain Washing:

ئامانجی شتنەوەی مێشک گۆڕینی کەسەکان و لابردنیانە لەسەر بیروباوەڕی خۆیان. ئەم پرۆسەیە بۆ دیلەکان و زیندانییەکان دەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە سێ ڕووکار هەن:
أ_ دابڕینی کەسەکان بەتەواوی لە دۆخی کۆمەڵایەتیی خۆیان و دوورخستنەوەیان لە هەواڵ و زانیارییەکان، بەوەی وایان لێ بکرێت لە فەزایەکی بۆشدا بژین و ژیانێکی سەخت بگوزەرێنن. گۆشەگیر بکرێن، جۆری خواردنیان خراپ بێت، ڕووناکییان کەم هەبێت و شتی دیکەش، بۆئەوەی بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا بن و بەتەواوی ناخیان بڕووخێت و هەست بە سووکایەتیی بکەن. هەموو ئەمانە بۆ ڕووخانی نەبێت، بەڵکو بۆ دووبارە دروستکردنەوەی بێت. (دیارە بەو شێوەیەی، کە ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتێکی دیاریکراو مەبەستیەتی. دەیەوێت ئەو کەسانە وا لێ بکات، تەنها بەکەڵکی خزمەتکردنی ئامانجی ئەو دەسەڵاتە بێن).
ب_ لەناو ئەو فەزا سەختەی ژیانیدا بەردەوام لە ڕێگای رادیۆ و شتی دیکەوە درووشمی وێرانکەرانەیان بە گوێچکە دابدرێت و بەردەوامیش ئەو درووشمانەیان بۆ دووبارە بکرێنەوە، بەو مەبەستەی لە ناخیان بچەسپێن و هەرگیز لەبیریان نەچنەوە.
ج_ بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆی بەکۆمەڵ، بەشێوەیەکی دیمۆکراتییانە. دەبێت سەرۆکی ئەو کۆمەڵە کەسە، یەکێکی لێهاتوو بێت و بتوانێت وەڵامی هەر پرسیار و ناڕەزاییەک بداتەوە. (ئەمەش دیموکراتییەکی گاڵتەجاڕانەیە، چونکە ئەو مرۆڤانە هیچ ئیرادەیەکیان نەماوە، هەتا باس لە خۆیان بکەن.

ئەوانە کراون بە چەند ئامێرێک بۆ خزمەتکردنی بێچەندوچوونی دەسەڵاتێکی دیاریکراو).
6 پەیوەندییە گشتییەکان:

ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان ئەوەیە بایەخ بە دامودەزگاکان بدات و وێنەیەکەیان لای جەماوەر بەچاکی نیشان بدات، بەو مەبەستەی باوەڕیان پێ بکەن و پشتگیرییان لێ بکەن. هەروەها ڕاوبۆچوونی جەماوەریش دەگەیەنێتە ئەو دامودەزگایانە و لە پێویستییەکانی ئەو جەماوەرەیان ئاگادار دەکاتەوە. بۆیە دەبێت بەرنامەی ئەو دامودەزگایەنە بە ئاڕاستەیەکدا بڕوات، کە بەرژەوەندیی هاوبەشی دامودەزگاکان و جەماوەر لەبەرچاو بگرێت.

7_ پروپاگەندەی بازرگانی Commercials:

ڕۆڵی پڕوپاگەندەی بازرگانی ئەوەیە، کە سەرنجی خەڵک بۆ ئەو کاڵوپەلانەی خۆی ڕاکێشێت، بەو مەبەستەی ئارەزووی کڕینیان لا دروست بکات.

دووەم پروپاگەندە لەڕووی سەرچاوەوە:

ئامانجیٔ ئەم جۆرەیان ئەوەیە، کە جیاوازیی لەنێوان سەرچاوەکانی پەیامە پڕوپاگەندەییەکاندا بکات، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

1_ پڕوپاگەندەی ستوونی Vertical Propagand:

پروپاگەندەی ستاندارد (تقلیدی) پروپاگەندەی ستوونییە، کە سەرۆک یان سیاسەتمەدار یاخود سەرۆکی ئایینی وەکو ڕێگایەک دەیگرێتە بەر و دەیەوێت کار لە جەماوەر بکات. ئەو پروپاگەندەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە

ئاراستە دەکرێت. دەزگاکانی راگەیاندن لێرەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن. لەم جۆرە پروپاگەندەیەدا پروپاگەندەچی وەکو هێزێکی دەرەوەی جەماوەر دەردەکەوێت، وەک بڵێی لەسەرەوەی هەموو شتێکەوە بێت. دەنگی ئەو بەتەنیا دەبسرێت و کاریگەریی دەبێت. لێرەدا تاک بریار نادات، بەڵکو تەنها ئەو بریارانە جێبەجێ دەکات، کە ئەو دەنگە پێی دەگەیەنێت.

2_ پروپاگەندەی ئاسۆیی Horizontal Propaganda:

(ئیلوول) پێی وایە لەو شێوە پڕوپاگەندانەی، کە لە سەردەمی نوێدا لەرووی ناوەرۆک و شێوەوە پێشکەوتوون، پروپاگەندەی سیاسی و کۆمەڵایەتیین و هەردووکیشیان لەڕووی بینینی ڕۆڵەوە، پروپاگەندەی ئینیگراسۆنی (اندماجی)ین. بۆیەش پێی دەگوترێت پروپاگەندەی ئاسۆیی، چونکە لەناو کۆمەڵگاوە دەردەچێت، نەوەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە. لێرەدا سەرۆک بوونی نییە، بەڵکو هەموویان وەکو یەک وان. یەکێک هەیە تەنها ئیشی سەرپەرشتیکردنی گفتوگۆکانە، واتە ئەو بەڕێوەیان دەبات. ئەو پروپاگەندەیە بۆ پێکهێنانی (هۆشیاریی یەکگرتوو) تێدەکۆشێت. ناوەرۆکەکەی بەشێوەیەکی دوولایەنە دەردەکەوێت. یەکێک لە خاسیەتەکانی پڕوپاگەندەی ئاسۆیی ئەوەیە، کە گرووپی بچووکی تێدا هەن و تاکەکان لەناویدا گفتوگۆی خۆیان دەکەن. لێرەدا تاک ڕاوبۆچوونی خۆی هەیە، کە ڕەنگە لە هی گرووپ جیاواز بێت. تاک قەناعەتی خۆی دەخاتە روو و هەوڵ دەدات کار لە قەناعەتی ئەوانی دیکەش بکات. پروپاگەندەی ئاسۆیی لە هەڵبژاردنەکان و لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی و سیاسییدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت.

سێیەم_ پروپاگەندە لە رووی ئەرکەکانییەوە:

ئامانجی ئەم جۆرەیان جیاکردنەوەی ئامانجی پەیامەکانی پروپاگەندەیە، کە ئەرکەکانی پروپاگەندە بەدەستی دەهێنن و ئەوانیش :

1_ پروپاگەندەی هاندانPropaganda of Agitation :

ئەو پروپاگەندەیەیە، کە حیزب لەپێناوی رووخانی حوکومەت و دامەزراندنی سیستەمی نوێدا دەیگرێتە بەر، کە دەبێتە هۆی یاخیبوون یاخود شەڕ. هەر ئەو جۆرە پروپاگەندەیە لەلایەن حوکومەتیشەوە بەکاردێت لەپێناوی ئەوەی جەماوەر بە گۆرانگارییەکان رازی بکات، ئەو گۆرانگاریانەی، کە حوکومەت خۆی بە چاکیان دەزانیت. زۆربەی بزووتنەوە شۆڕشگێرەکان و شەڕە میللییەکان پشت بەم جۆرە پروپاگەندەیە دەبەستن و جەماوەر دەهێننە ناو ئۆپۆزیسۆنەوە.
ئەو جۆرە پڕوپاگەندەیە تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دوور دەخاتەوە و بۆ شەڕ و فیداکاریی هانیان دەدات. لە کاتی قەیرانەکاندا ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە زیاتر چالاک دەبێت.

2_ پروپاگەندەی ئینتیگراسیۆن (اندماج)ی Integration Propaganda :
ئامانجی کار کردنە لەسەر راگرتنی هاوڕێکیی کۆمەڵگا و یەکگرتن و بەهێزکردنی. چاکترین ئامێرە بەدەست حوکومەتەوە بەتایبەتی لە کاتی سەربەخۆییدا. ئەو ولاتانەش بەکاری دەهێنن، کە نەتەوە و ئایین و کەمایەتیی جۆراوجۆریان تێدا هەیە.
پڕوپاگەندەی ئینتیگراسۆنی زۆر لە پروپاگەندەی هاندانی وردتر و ئاڵۆزترە، چونکە وەکو پروپاگەندەی هاندانی هەوڵی وروژانی کاتی نادات، بەڵکو مەبەستیەتی جەماوەر بە قووڵی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی گشتگیرەوە، بۆیە پەنا بۆ لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و ڕێگاکانی گەیاندنی جەماوەری دەبات.

چوارەم_ پروپاگەندە لەڕووی شێوازەکانیەوە:

ئەم جۆرەیان جیاوازیی شێوازەکان دەردەخات، کە پروپاگەندەچییەکان لە خستنەڕووی پەیامەکانی پڕوپاگەندەیاندا بەکاریان دەهێنن. ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1_ پڕوپاگەندەی ڕاستەوخۆ Direct Propaganda:

ئامانجی گۆڕینی بۆچوون و ئاڕاستەکانە. پێشتر هەندێک پروپاگەندە دەکرێن، کە ئەو پروپاگەندانە زیاتر سیمایەکی کۆمەڵایەتییان هەیە. پڕوپاگەندەچی هەوڵ دەدات کەشیکی وەها بخوڵقێنێت، کە لەناویدا بیروبۆچوونەکانی بەخۆشحاڵییەوە وەربگیرێن. ئەمە زیاتر بە پڕوپاگەندەی ئاشکرا Overt Propaganda، یان بە پڕوپاگەندەی سپی White Propaganda ناسراوە. وەزارەتی راگەیاندن لێی بەرپرسیارە. کەواتە سەرچاوەکەی ناسراوە و ئامانج و مەبەستەکانیشی دیاریکراون.  جەماوەر دەزانێت، کە هەوڵ دەدرێت کار بکەنە سەری. ئەمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن پێویستە.

2_ پروپاگەندەی ناڕاستەوخۆ Indirect Propaganda:

هەر خۆی کاریگەرە، بەبێ ئەوەی هیچ پروپاگەنەیەکی پێشتر بوونی هەبووبێت. هەوڵی کەمکردنەوەی دەمارگیری دەدات. پێشی دەگوترێت پروپاگەندەی داپۆشراو Covert Propaganda، چونکە دەیەوێت ئامانج و شوناس (هویە) و بایەخ و سەرچاوەکانی خۆی بشارێتەوە. خەڵک نازانن وا کەسانێک دەیانەوێت کاریان لێ بکەن و بەرەو لایەکی دیاریکراو ئاراستەیان بکەن. پێشی دەگوترێت پروپاگەندەی ڕەش Black Propaganda. ئەم جۆرەیان لەوەی پێشوو کاریگەرترە.

مەرجەکانی سەرکەوتنی پڕوپاگەندە:
چوار مەرج هەن بۆ کاریگەریی بەکارهێنان و سەرکەوتنی پروپاگەندە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی یاخود سیاسییەکانی. سێ لەو مەرجانە (لازرسفیلد میلتۆن) ناوی بردوون:

1_ مۆنۆپۆلکردن، یاخود قۆرخکردن Monopolization:

ئەم مەرجە کاتێک پێک دێت، کە بەرهەڵستی نەبێت، یاخود بەرهەڵستییەکی کەم لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندن هەبێت. بەمانایەکی دیکە مۆنۆپۆلکردنی ڕێگاکانی ڕاگەیاندن کاتێک ڕوو دەدات، کە دژە پروپاگەندە (الدعایە المضادە) بوونی نەبێت. ئەم کۆنترۆڵکردنەی ڕێگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کە ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت دەرگا بەسەر هەر بیروباوەڕێکی دیکە دادەخات، کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بیروباوەری خۆی بگەیەنێت.

2 _ ئاڕاستەکردن لە ڕەوتێکی دیاریکراودا، یان کەناڵیزەکردن :Canalization

سەرکەوتنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە پروپاگەندە و ڕیکلامدا تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەوە دەبەستێت، کە چۆن خۆی بگەیەنێتە بیروباوەڕە باوەکان، بەشێوەیەک، کە بیانخاتە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیەوە. دەتوانین بڵێین خۆشباوەڕیی ئەو خەڵکە بە هەلێکی باش دەزانرێت، هەتا بەرەوە ئامانجە دیاریکراوەکان ئاڕاستە بکرێن.

3 بتەوکردن Reinforcing:

مەبەست لە بتەوکردن (التعزیز) بتەوکردنی پەیامەکانی ڕاگەیاندنە لە ڕێگای گەیاندنەوە ڕووبەڕوو یان لە ڕێگای هۆیەکانی دیکەی گەیاندنەوە.

4_ گەمارۆدانSiege:

مەبەست لە گەمارۆدان گەمارۆدانی جەماوەرە بەهۆی بەکارهێنانی زیاترین ڕێگاکانی گەیاندنی پەیامەکانی پروپاگەندە.

دووەم: ڕیکلام (الإعلان)

گومان لەوەدا نییە، کە کاریگەریی ڕیکلام لەسەر ژیانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا گەورە بووە و کاری لە برەودان (ترویج)ی شمەکیش کردووە. لەڕووی پراکتیکیشەوە بەشداریی لە بلاوکردنەوەی نۆرم (قیم) و ئاراستەی نوێ کردووە. بەهەمان شێوە کاری لە گۆڕینی دابونەریت و زەوقەکانی خەڵکیش کردووە. جۆری خواردن و شێوازی خواردنەکەشی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕیکلامەوە. نەوە نوێیەکانی وا پەروەردە کردووە، کە چێژ لە هەندێک شیرینی و خواردنەوەی جیاواز لە نەوە کۆنەکان ببینن و جلوبەرگ لەسەر ئەو مۆدێلانە بپۆشن، کە لە وڵاتانی دیکەش باوە.
ڕیکلام بەو چالاکییانەی خۆی بازنەی بەکاربردن (استهلاك) فراوان دەکات و دەبێتە دروستکردنی شێوازی نوێ لە هەژباری بەکاربردن (سلوك الاستهلاكى) لە کۆمەڵگادا. کاتێک کۆمەڵگایەک ڕێکلامی ئامادەکراوی لەلایەن کولتوورێکی جیاواز لە خۆیەوە پێ دەگات، ئەوە ئەو ریکلامە لەگەڵ خۆیدا نۆرمی کولتوورەکەشی هەڵگرتووە و ئەمەش دەبێتە فاکتەرێک لە فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.
دوور نییە ریکلام هەندێک شێوازی نوێ بێنێتە ناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەوە و کار بکاتە سەر بەرزبوونەی ئاستی ژیان لە کۆمەڵگادا.
ئەمە گرینگیی ریکلامە، بەڵام ئەو گرینگییەش لە ڕەخنە بەدەر نییە. ئێمە کە بەردەوام لە ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن گوێمان لە ریکلام دەبێت، ئەوە ڕەخنەگرانی ریکلام پێیان وایە، کە کارێکی زۆر لە کڕیار دەکات، هەتا بەدوای کڕینی ئەو شمەکەوە بێت، کە ڕکابەرە (المتنافسە). لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا، کە شمەکی نیشتیمانی ناتوانێت ڕکابەریی شمەکی بێگانە بکات، کارێکی زۆر خراپ لە ئابووریی نیشتیمانی دەکات.
هەروەها ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ریکلام قورسایییەکە لەسەر بەکارهێنەر، بەوەی ئەو بەهای ریکلامە دەچێتە سەر شمەکەکە. واتە کڕیار دەبێت نرخی تێچوونی ریکلام بدات. ئەمە لەلایەک ڕاستە، بەڵام ریکلام دەتوانێت بازار بۆ شمەک فراوان بکات و دەچێتە ناو بازاڕی دیکەی نوێوە، بەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی بەرهەمهێنانی ئەو شمەکە. ئەوسا بێگومان هەرزان دەبێت. واتە هەتا زیاتر لەو شمەکە بەرهەم بهێنرێت، نرخەکەشی لە بازاڕ هەرزانتر دەبێت و کڕیار چاکتر توانای کڕینی دەبێت.

هەندێک لە ڕەخنەگرانیش پێیان وایە ریکلام ئارەزووی کڕینی هەندێک شمەک لای کریار دروست دەکات، کە پێویست نیین، ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیرۆچوونی ئابووری لەسەر ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگادا. هەروەها ریکلام زیاتر بەرەو سۆز و غەریزەکانی جەماوەر ئاراستە دەکرێت، نەوەک بۆ ئەقڵیان، بۆیە ریکلام خەڵک بۆ کڕینی ئەو شمەکانە دەبزوێنێت و پێشڕەویی دەکات، کە ئامانجی فرۆشتنیانە، بۆیە ئارەزووی بەکارهێنانی زمانێکی سۆزدارییە، نەوەک بێت لەسەر ئەو شمەکانە زانیاری و وەسف پێشکەش بکات.
هەموو بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە کاریگەریی ریکلام لەم سەردەمەدا زیادی کردووە. بەهۆی زیادبوونی ڕووبەر و هێزەکەی لەناو کۆمەڵگادا، پێویستی بە هەندێک یاسای مۆڕاڵی (اخلاقی) هەیە، کە ئەرکی ریکلام ڕێک بخات و کۆمەڵگاش بپارێزێت. دیارە یاسای چاپەمنی و بلاوکردنەوە بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکە دوولایەنەیە، دەبێت چ حوکومەت و چ کۆمپانیاکانی ریکلام خزمەتکردنی کۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرن.

پێناسەی ڕیکلام:

ئۆرگانی بازاڕداریی ئەمریکی وا پێناسەی ریکلام دەکات، کە "پەیوەندییەکی ناکەسی (غير الشخصى)ی زانیارییە، سرووشتێکی قەناعەتپێکەرانەی لەبارەی بەرهەم و خزمەت و بیرۆکەکانەوە هەیە بۆ پارەدەرێکی ناسراو (ممول معروف)، کە هەقی ریکلامەکەی دەدات لە هۆیە ڕاگەیاندنە جیاوازەکاندا".
هەروەها (س. و. دەن) و هاوڕێکەی (Dunn et. Al)یش پێناسەیەکی نزیک لەو پێناسەیە بۆ ڕیکلام دەکەن لەپاڵ هەندێک ڕوونکردنەوەی دیکەدا، کە دەڵێن: "ڕیکلام پەیوەندییەکی ناکەسییە، هەقەکەی دراوە لە ڕێگای ڕاگەیاندنە جیاوازەکانەوە لەلایەن دامودەزگا بازرگانییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی، کە قازانجکەر نیین (المنظمات غير الربحيه) و ئەو کەسانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕێگای پەیامەکانی ڕیکلامدا دەناسرێن و

ئەوانەیش، کە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە جەماوەرێکی دیاریکراو باوەڕ پێ دەهێنن".
کلیلی ئەم پێناسەیە خۆی لەناو وشەکانی "ناکەسی و دراو (مدفوع)، ئامرازەکان، ناسین و قەناعەتپێکردن"دا خۆی حەشار داوە، کە جیاکاری لەنێوان ڕیکلام و شێوازەکانی دیکەی گەیاندندا دەکات.
هەروەها ئەو دوو نووسەرە بەپێویستی دەزانن جیاکاری لەنێوان ڕەوجپێدان (ترویج Promotion) و ریکلامدا بکرێت، بەوەی ڕەواجپێدان جگە لە ریکلام، هەموو شێوازەکانی دیکەی گەیاندن دەگرێتەوە. هەموو چالاکییە تەواوکارییەکانی ریکلام و فرۆشتنی کەسی (البیع الشخصی)ی وەکو پێشانگاکان، پێشبڕکێکان (المسابقات)، داشکاندنەکان (الخصومات)، کۆبۆنەکان و شتی دیکەی لەم شێوەیە دەگرێتەوە.
دیارە ریکلام لە ناوبانگی (الأشهار publicity) جیاوازە. (ناوبانگی)یش وەکو ریکلام گەیاندنێکی ناکەسییە لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە، کە هەقەکەی نەدراوە (غیر مدفوعه الاجر). واتە (ناوبانگی) وەکو بەشێک لە زانیاری لەشێوەی هەواڵ و (تعلیقات) لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێت.

ئەرکەکانی ریکلام:

ریکلام لەبارەی شمەکەوە زانیاری دەداتە جەماوەر، زانیاریی لەبارەی خاسیەتەکان و نرخەکان و شوێنی فرۆشتنیان. هەروەها ریکلام هەوڵ دەدات کڕیار دووبارە و چەندبارە ئەو شمەکانە بکڕێت. بەڵام ڕیکلام کۆمەڵێک ئەرکی گشتیی دیکەی هەیە، کە دەکرێت لەمانەدا کورتیان بکەینەوە:
1_ ئەرکی بازاڕکاری (الوظیفه التسویقیه): کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن بازاڕ بۆ شمەکەکانیان پەیدا بکەن و زیاترین کڕیاریان بۆ مسۆگەر بکەن. لێرەدا ریکلام ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، بەوەی ئەو پەیامانە لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگەیەنێتە جەماوەر.

2_ ئەرکی فێرکاری (الوظیفه التعلیمیه): ریکلام زۆر شت لەبارەی جۆری ئەو شمەکانە و نرخ و چۆنیەتیی دەستکەوتنیان فێری جەماوەر دەکات. جەماوەر لێیەوە فێری شێوازی نوێی ژیانیش دەبن.
3_ ئەرکی ئابووری (الوظیفه الاقتصادیه): ریکلام هەوڵی ئەوە دەدات بازاڕ بۆ کاڵوپەلەکان پەیدا بکات، ئەمەش دەبێتە بەهێزکردنی بازرگانی و هاوکات پاڵپشتێکە بۆ بتەوکردنی چالاکیی پیشەسازی لەناو کۆمەڵگادا. ریکلام زانیاریی زۆریش لەبارەی تەکنەلۆژیای نوێوە پێشکەش بە کۆمپانیا و دامودەزگا بازرگانییەکان دەکات. ریکلام کار لە پرۆسێسی بازاڕکاری دەکات و نرخی شتومەک دادەبەزێنێت. بەرهەم زۆر دەکات و بێکارییش کەم دەکاتەوە.
4_ ئەرکی کۆمەڵایەتی (الوظیفه الاجتماعیه): بێگومان کاریگەریی کۆمەڵایەتیی ریکلام کاتێک دەردەکەوێت، کە یارمەتیی خەڵک بدات باری ژیانیان چاکتر بکەن. ئەمەش لە ڕێگای پێشکەشکردنی جۆرها شمەک و شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە کار دەکەنە سەر چاککردنی بارودۆخی ژیانیان. لە ئێمە شاراوا نییە، کە هەندێک ریکلام لەپێناوی قازانجدا کار ناکەن، بەڵکو ئەو دامودەزگایانەی سوودی گشتییان مەبەستە، دەیگرنە بەر، هەر بۆئەوەی خزمەت بە جەماوەر بکەن و تەنگوچەڵەمەکانیان کەم بکەنەوە.
5_ ئەرکی ڕابواردنی (الوظیفه الترفیهیه): یەکێک لە ئەرکە لاوەکییەکانی ریکلامی ڕابواردنی، بەتایبەت ریکلامەکانی تەلەفزیۆن، سەرگەرمکردنی جەماوەرە لە ڕێگای گۆرانی و سەما و شتی دیکەوە.

## هەڵبژاردنی چاکترین ڕیگای ریکلام:

ڕێگاکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا زۆرن لە بڵاوکردنەوە و وشاندندا. ریکلامچی ئارەزووی ئەوە دەکات ریکلامەکەی بەشێوەیەکی فراوان بڵاو بکاتەوە و زیاترین کاریگەرییش لە کەسەکان و لە جەماوەر بکات.

ئەو هۆکارانەی، کە دەبێت لێیان بکۆڵدرێتەوە، ئەمانەن:

1_ دەستنیشانکردنی ئەو جەماوەرەی، کە ریکلام دەیکاتە ئامانجی خۆی: ئەگەر جەماوەرەکە گشتی بێت، ئەوە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن گونجاوترین ڕێگان. ئەگەر جەماوەرەکە پسپۆڕ بوون، بۆ نموونە بۆ بزیشکەکان بوون، ئەوا گۆڤاری پزیشکیی تایبەت یان بڵاوکراوەی گونجاو پێویستە.

2_ دەستنیشانکردنی بودجەیەکی تەواو: دیارە نرخی ریکلام لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا جیاوازە و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. هەی تەلەڤزیۆن گرانترینیانە. تەنانەت شێوازی ریکلام خۆشی ئەوە دیاری دەکات، کە چەندی تێدەچێت. بۆ نموونە ریکلامی درامای تەلەڤزیۆنی، واتە ئەوەی لەشێوەی نواندن زانیارییەکان پێشکەش دەکات، پارەی زیاتری تێدەچێت لەو ریکلامانەی پشت بە دەنگ و بە نووسین دەبەستن. ریکلام لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا نرخی گرانترە لە ریکلام لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا. ریکلام چەند جاریش دووبارە بکرێتەوە، پارەی زیاتری دەوێت.

3_ دەستنیشانکردنی تێچوونی ریکلام: ئەوە گرینگ نییە، کە ریکلامچی چەند لە ریکلامێک خەرج دەکات، بەڵکو گرینگ توانای ئەو ریکلامەیە لە کاریگەریی لەسەر شمەک و خزمەتدا.

4_ جۆری شمەک، یاخود ئەو بەرهەمەی، کە ریکلامی بۆ دەکرێت: هەر شمەکێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. شمەکی وا هەیە لە تەلەڤزیۆن گونجاوە ریکلامی بۆ بکرێت و هی واش هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

5_ ریکلامە ڕکابەرەکان (الاعلانات المنافسه): زۆر جار کە لایەک ریکلام بۆ شمەکێک دەکات، هاوکات لایەنێکی دیکە ریکلام بۆ هەمان شمەک یان شمەکێکی نزیکی ئەوە دەکات. بۆ نموونە کۆکا کۆلا و پیپسی کۆلا، یان جۆرەکانی چا، لە دژی یەکتر ریکلام دەکەن.

6_ جۆری پەیامەکە و شێوازەکەی لە ڕیکلامی شمەکدا: ئەو ریکلامانەی پشت بە جووڵە و ڕەنگ دەبەستن و دەبێت بەرجەستە بکرێن، ئەوا بۆ تەلەڤزیۆن دەست دەدەن، بەڵام ئەگەر پێویستی بەوە بێت، کە وێنەکانی بەهۆی ڕەنگەوە دەربخرێن، ئەوا گۆڤارەکان بۆ ئەو مەبەستە گونجاون. کەواتە جۆری پەیامەکە و تایبەتمەندییەکەی و شێوازەکەی گرنگن بۆ ئەوەی کار لە جەماوەر بکەن و وەڵامدانەوەی لەلا بخوڵقێنن.

پۆلێنکردنی ڕیکلام:

دەکرێت لە زۆر گۆشەنیگاوە لە ڕیکلام بڕوانین و دەتوانین لەڕووی جەماوەر و جۆگرافیا و شێواز و ئەرکەوە پۆلێنی بکەین:

أ_ ڕیکلام لەڕووی جەماوەری دەستنیشانکراوەوە: بەزۆری ریکلام بەرەو جەماوەرێکی دیاریکراوەوە ئاڕاستە دەکرێت. لەکاتێکدا ریکلام بەرەو بەکاربەران ئاڕاستە دەکرێت، ئەوا دەبێت ڕووی لە توێژێکی دیاریکراوی خانمان و منداڵان و هتد بێت. لەکاتێکدا بەرەو خاوەنپیشەکان (رجال

الاعمال) ئاڕاستە دەکرێت، کە خاوەنی پیشەی هەمەجۆرن، ئەوا دەبێت ڕوی لە پیشەساز و کرێکارانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانە مامناوەندییەکان بێت.

ب_ ریکلام لەڕووی شوێنەوە: ریکلام بەرەو جەماوەرێکی دیاریکراوەوە ئاڕاستە دەکرێت، ئەو جەماوەرە دیاریکراوەش لە شوێنێکی دیاریکراودا دەژین، بۆیە دەبێت ریکلام ئەمە لەبەرچاو بگرێت. ئەگەر بۆ ناوەخۆ بێت جیاوازە لەوەی بۆ دەرەوە بێت. هەندێک ریکلام سنووری دەوڵەتەکان دەبڕن. بۆ نموونە ریکلامی کۆکا کۆلا و پیپسی کۆلا سنووری نەتەوەیی و کێشوەری دەبڕن و دەگەنە هەموو دنیا.

ج_ ڕیکلام لەڕووی ئەو شێوازەی بەکاری دەهێنێت: هەر شێوازێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن.. هتد.

د_ ڕیکلام لەڕووی ئەرکەکەیەوە: ریکلام زۆر ئەرک لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیە دەکرێت لەڕووی ئەرکەکانیەوە پۆڵێن بکرێت. دەشێ ڕیکلام بازاڕداری بێت و رەواج بۆ شمەک بکات. دەشێ خزمەتگوزاری بێت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە خەڵک بناسێنێت و هەندێک بابەتیان بۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ ڕێگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبات.